# منو کێشەکانی ناوەندی چاك

عومەرمحەمەد

کێشەی من لەگەڵ ئەو بەریزانە جگەلە ناکۆکی بیرکردنەوەو جیاوازی لەکاری رێکخراوەیی هیچی ترنەبوو، راستە دژی ئەوەبووم ناوەندی چاك چەترێك بێت جێگەی هەمووکەسێکی تێدابێتەوە، چونکە پیموایە هەمووکەس بۆ کاری رێکخراوەیی دەست نادات، بەداخەوە ئەوانەی لەسۆنگەی چاککردنی ناوەندی چاکەوە دژم وەستانەوە سنوریان بەزاندوو ئەوەندەی تر سەرەولێژیان دایە، ئەفسوس .. ئەوکاتەی ئێمە دەستلەکارکێشانەوەی خۆمان راگەیاند، ئێستاشی لەگەڵ بێت کەمینەیەکی ئەوان کەوتنە جنیودان و موهاتەرات، زۆرینەش لەناوەندی چاك بێدەنگ مانەوە، کەچالاکیشبووینەوە کەوتنە تۆمەت دروستکردن، بەڵام ئێمەجنێوو تۆمەتەکانیا نمان بەهەند نەگرت بێدەنگ بووین یان بەئەدەبەوە وەڵامان دانەوە، کەچی ئەمەش بێسوودبوو، لێرەشدا هەتابۆم کرابێت تەنها لەو کێشانە دواوم کەراستەوخۆ پەیوەندیدارن بەخۆمەوە، دەنا کێشەکانی ناوەندی چاك زۆر لەوە خرا پترن، کە من لێرە پە نجەیان بۆ درێژدەکەم، خروقاتەکان زۆر لەوە شەرمئامێزترو کوشندە ترن کە من دەیا نخەمە ڕوو، ئازارەکانیش زۆر لەوە بەسوێترن کەمن هەندێکیان پیشان دەدەم، بەهیوام بتوانم تیشکێکی کەم بخەمە سەر تەمومژی روداوەکان، کەبەداخەوە، ئەوانەی ئێستا بەکردەوە جیابوونەتەوەو ماڵپەری چاك بی یان دروستکردووە زیاتر هەوڵی چەواشەکردنیان دەدەن و راستیەکان ئەتك دەکەن و بەزمانێکی لەرادەبەردەر ناشرین قسەدەکەن..

هەڵبەت کەس لەخۆرا دەستبەرداری رێکخراوێك نابێت، کەتیایدا ماندووبووەو بیرەوەری خۆش و ناخۆشی لەگەڵیدایەو دەستی لەبنیاتنانیداهەیە، رەنگە پێویستم بەبەڵگە هێنانەوە نەبێت، کەبڵێم ماوەیەکی دورودرێژ لەسلێمانی بەتەنیٚو خۆبەخشکارم بۆدۆسێی ئەنفال و دواتریش بۆ ناوەندی چاك کردووە. ئەمەش هیچ فەزلفرۆشییەکی تێدانیە، هەرکەسیش فەزلفرۆشی دەکات لەماڵی خۆی دانیشیٚو دەستبەکڵاوەکەی خۆیەوە بگرێت زۆر باشترە، دەمێکە لەو بروایەدام ئەوانەی فەزڵفرۆشی بەسەرخەڵکەوە دەکەن فرۆشتنی خەڵکیشیان بەلاوە ئاسانە، ئەوانەی خۆیان بە مهم پیشان دەدەن خەڵکی دی بەبچوك دەبینن، من کەس بەمنەتباری خۆم نازانم، چونکە ویژدانی خۆم نەبیٚ، کەس ناچاری نەکردووم لەوبوارەدا چالاکبم، وای بۆدەچم هەر ئەم جیاوازیەشە ئەوکەسانەی بەنە شارەزاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ناوەندی چاك و روداوەکان و تێبینی و بیروراکانی من دەکرد، ئەوانەی فەزڵفرۆشی بەسەرخەڵکەوە دەکەن و کورد بەقەرزارباری خۆیان و ناوەندی چاك دەزانن هەرئەوانەش بوون ناوەندی چاکیان بەقوربانی خۆیان کردوو. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدابێت لەفەزڵفرۆشییەکی کوشندەدا نقوم بوون، سەرئە نجام ناوەندی چاکیان بەوەدەربرد کەدەیبینین . واچارەسەریان بۆکێشەکان دۆزییەوە کەزەق بەپێش چاوانەوەیە! دوای ئەوەی ئێمە دەستمان کێشایەوە، بەهۆیەوە پرۆسەی چاکسازی هاتەمەیدان و لەسەرداوای زۆربەی ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر بریارەکەمان هەڵپەساردوو دواتریش چالاکبووینەوە" هەتائێرە ڕوداوەکانی ناو چاك پەردە پۆشبوون"

بەهەرحاڵ ئەوەی دەبێت لەسەری بووەستم هۆکاری ساردبوونەوەودەستبەرداربوونم بوو، نەك هۆکارەکانی چالاکبوونەوە، بێگومان دەست لەکارکێشانەوەم لەناوەندەکە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆروکات بەفیڕۆدانێکی زۆر دێت بۆچاکترکردنی، تارادەی بێئومید بوون..

ئەوەی پێویستە ڕوونبکرێتەوە بۆئەو بەرێزانەی ناوەندی "چاك" یان بۆ گرنگە، ئەویە کەبزانن کێشەکان چین و هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەم چیبوون، بێگومان بەتەنها هەرنەبوونی سیستمێکی رێکخراوەیی نەبوو، بەڵکو نەشارەزایی لەکاری رێکخراوەیی و تێڕوانین و لێکدانەوەی دەمارگیرانەی چەند کەسێکیش بوون، کەمینەیەکی زۆر کەم دەستیان بەسەرهەموو شتێکدا گرتبوو، رەفتاری کەمینەیەك لە ئارادا بوو سڵیان لەهیچ نەدەکردەوە، لەوبروایەدانەبوون کەناوەندی چاك مڵکی ئەوان نیەو بیرکردنەوەی جیاجیای تێدایەو مافیان هەیەو دەبێت رێزیان لێبگیرێت، ئەمەش پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە دیموکراسیەکانە، بێگومان واقعی دیموکراسی هەرچەندە زۆربەش براوەبن، رێزگرتن لەکەمینە مافێکە دەبێت پەیرەوبکرێت، وەلی لەناوەندی چاکدا مەسەلەکە تەواو پێچەوانەبوو، کەمینەیەك لەبەرئەوەی هەمیشە لەژێرباری رەخنەدابوون، لەبەرئەوەی هیچ پێوانەو چوارچێوەیەکیان بۆ نەدەبوو، نەمان دەزانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و چۆن بیا نخەینە سەرسکەیەکی تەندروستی رێکخراوبوون، بەکەیفی خۆیان کاریان دەکردو بەمەزاجی خۆیان بەیاننامەیان بڵاودەکردەوەو خۆیان دەکرد بەخاوەنی هەموو شتێك و ناوەندەکەشیان کردبووە ئەسکوێی ناو هەمووکاسەکان، نەك رێزیان لەماندووبوونی کەس نەدەگرت، بەڵکو بۆخۆیان کێچێکیان دەکردە گامێش و بۆخەڵکانی تریش ئەگەر ئەستێرەت داگرتبایە کارەکە لای ئەوان هەربچووك بوو، ( دیارە مرۆڤیش تەنها شتی بچوك ببینیٚ حەساسیەتی بەهەرشتێکی گەورە هەیە ) لەدیدی ئەوانەوە ناوەندی چاك لەکوردستان هەرپاشکۆ نەبوو، بەڵکو وەکو ئەوەی خێرمان

پێبکەن ئێمەیان جێکردبێتەوە.

باشترین نمونە کەیسی هۆلنداوادادگایکردنی سەرمایەدارە هۆلندیەکەیە، ئەگەرچی لەمەشیاندا ناوەندی چاك شتێکی عەجیبو غەریبی نەکردووە، بەڵام لەچاو کوردو شەرمنی سیاسە تمەداری کورد، کارێکی گەورە بوو کەلەواقعدا ئەمیر قادر وەکو نوێنەری چاك تیایدا پڕوکاوعەلی رەحیمی بە باری تەندروستی خرا پیەوە رۆلی گرنگی گێراو عەلی مەحمودیش لەدەرەوەی دادگاکە زۆرماندووبوو، ئێستاش کەسانێك دێن خۆیان بەوکەیسەوە بادەدەن و قسەی نابەرپرسیارانەی لەبارەوە فرێدەدەن، کە رۆڵێکی بچوکیان تیایدانەبووە، ئەمە ئەگەر بۆکەسانێك لەدەرەوەی ناوەندی چاك بێویژدانی بێت کە نەك هەر ناوی ئەمیرو ئەوکەسانەی تر نابەن بەڵکو ناوی ناوەندی چاکیش ناهێنن و دەڵێن ( هەندێك پەنابەری کورد ) بەڵام بۆ ئەوانەی لەناوەندی چاك چوونەدەرەوە هەربێویژدانی نیە بەڵکو مەسەلەیەکی ئەخلاقیشە کە نەك هەرناوی ئەمیر ناهێنن، بەڵکو بەناوهێنانی قەڵس دەبن و لەوەش بێویژدانی تر بەتێکدەری ناوەندی چاکیشی ناوزەد دەکەن..!! ئایا ئەمە زوڵمێکی گەورە نیە لەجوهدی خۆبەخشانەی مرۆڤێك؟ سوکایەتی نیە بەبەهای ئینسان وکارەباشەکانی؟! کوشتنی متمانە نیە بەیەکتری؟ سوکایەتی نیە بەبەهای رێکخراووبوون؟ لەکاتێکدا ئەوکەیسە بەتەنیا نەکەیسی ناوەندی چاکەو نەهی ئەمیر قادرەو نەهی گەلی کوردیشە، لەراستیدا کەس هەقی خۆ هەڵکێشانی نیە پێیەوە؟! جارێ تاوانەکە با دژی کوردیش ئە نجامدرابێ دۆسیێ تاوانێکی نێودەوڵەتیەو سنوری تاکەکەس و نەتەوەو گروپێکی دیاریکراو دەبەزێنیو هەموو مرۆڤایەتی ئەرکێتی هەڵوەستەی لەسەربکات، چ جای کوردێك جا سۆپەرمان بێت یان مرۆڤێکی ئاسایی!! گرنگی ئەوکارە لەوەدانیە کورد کردویەتی یان هۆلندی ئەوەندەی گرنگە جارێکی تر ئەمجۆرە تاوانە مەترسیدارانە دژ بەمرۆڤایەتی دوبارەنەبێتەوە.

کەچی ئەم دۆسیێە بووە بنێشتەخۆشەو خەڵکی وا خۆی پێوەبادەداو مزایەدەی بەسەرەوە دەکات، نە ئەمیرقادر دەناسیێو نەعەلی رەحیمیو نەعەلییەکەی تریش ، ئەفسوس بە پێشچاوانەوە دیارە ئەندامەکانی ناوەندی چاك لەدوای ئەو دۆسیێەی هۆلنداوە لەبری ئەوەی بیکەنە تەجرەبەیەك تیایدا کەم و کورتیەکانیان بدۆزنەوەو بۆ کارێکی باشتر خۆیانی لەسەر بنیات بنێنەوە بە رەفتاری زۆر ناپەسەندەوە خۆیان نمایش دەکەن و متمانە لەخەڵکی کورددا دەکوژن و جینۆسایدێکی ترلەدژی یەکتر پیادە دەکەنەوە. جینۆسایدی رۆحیو سایکۆلۆژی، کەخەرقێکی رێکخراوەیی گەورەیە، جاهەر رێکخراوێکی مەدەنی پیادەیان بکات چ جای ئەوەی رێکخراوێك تایبە تمەندبێت لە بواری تاوانە جینۆسایدیەکان!

ئەو تۆمەتانەشی تەنها لەسۆنگەی جیاوازی بیرورواوە بەناهەق درانە پاڵمان یان لەمەودوا دەدرێنە پاڵمان، لەلایەن گروپی ( چاك بی )یەوە هەرعەیبەیەکی گەورەنەبوو بەتەوێلی ئەو بەرێزانەوە بەڵکو ماهیەتیان ئاشکرادەکات و نیازو هەوڵە ترسنۆکانەکانیشیان، لەخانەی ئەو رێگریانە تێنا پەرێ کەبیانەوێ لەوئەرکە ئینسانیە پەکم بخەن، یان بەخەیالی خۆیان هەناسەم لێبڕن و جورئەتی دەرکردنەوەی ئەنفالستانێکی ترو بگرە نوسینی وتارێکیشم نەمێنیّ!! ئەمە زیادەرۆیی نیە ئەمە حەقیقەتە غیرەو ئێرەیی پێبردنی ئەوان لەجنێو تۆمەتنامەکانیاندا دیارە، ئاخر ئەوەی عەلی مەحمودو هەندێك لەوکەسانەی لەدەوری ئەون، دەرهەق بەمن و ئەندامانی سلێمانیو برادەرانی تر کردیان هەتا ئێستا نەهیچ موستەشارێك و نەهیچ کۆنە بەعسیەك نەیانکردووە؟! بەڵام بەدڵنیاییەوە بەشبەحاڵی خۆم ئەوهەوڵەنا پەسەندانە ماندووم ناکەن و بریاری پاڵدانەوەم پێنادەن، بە پێچەوانەوە سورترم دەکەن چونکە وریام دەکەنەوە لەوەی هەر موستەشارە تاوانبارەکان و کۆنە بەعسیەکان نین، دژی ئەنفالستانن، بەڵکو ئەوکەسانەشن وەکو هاورێو هاوخەم خۆیان نمایش دەکەن و دێنەماڵم و دواتر ژێربەژێر پروپاگەندەم بۆدەکەن و ناپاکیت لەگەڵ دەکەن، ئەوەش دەزانم کەوا کارکردن لەسەرجینۆساید هەروا ئاسان نیە ،تۆ دەستبەخەیتە ژێر سەرت و بەکەمالی ئیسراحەت لێی دابنیشی، بەڵکو جگەلە ماندووبوونی خۆت بەمەترسیدارترین کاریشی دەزانم، ئەوانەی بەجدی کارلەسەر جینۆساید دەکەن هەر دوژمنی ناوخۆیان بۆ پەیدانابێت بەڵکو دوژمنی نێودەولەتیشیان هەیە، لەبەرئەوەی تاوانەکە نیودەولەتیە، منیش بەر لەناوەندی چاك و دوای ئەویش سەرقاڵی دۆسیێ ئەنفال و جینۆسایدبووم و بەنیازیشم بەردەوامبم. دەمەوێ ئەو راستیەش بڵێم: کەمن نەخەریکی کوردایەتیو نەحزبایەتیو نەخەریکی سیاسەتیشم، هەرکەسێکیش بەو مەبەستە منی ویستووە با دەستم لێبشوات، بەڵکو وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی کار لەدژی جینۆساید دەکەم و حورمەت لەبەهای بەرزی ئینسان و ئینسانیەتی خۆم دەگرم و هەرلەدژی جینۆسایدی کوردیش قەرارم نەگرتووە، ئەوەشی لە"ناوەندی چاك"م خواستووە هەرئەوەندەبوو رێکخراوێکی ئینسانی بێت و بەس، کەدژبە پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ راوەستیّو مرۆڤ بخاتەوە سەرپێی خۆی بەتایبەتی مرۆڤی کورد. ئەگەرچی دەزانم کەکارکردن لەرێکخراوێکی مرۆڤدۆستانەدا خۆی لەخۆیدا سیاسەتکردنە.. بەڵام خۆسیاسیەتیش دیوێکی ئینسانیانەی هەیەو من ئەگەر سیاسەتیش بکەم تەنها بەو دیوەیدا سیاسە تخوازم.

**کێشەی منو ئەندامە نەشارەزاکانی ناوەندی چاك گەیشتە کوێ:**

دوای ماوەیەکی دورودرێژ، لەمناقەشەوملاملانێ ئیتر دڵنیابووم لەوەی کەوا ناوەندی چاك وێرای کۆمەڵێك کاروچالاکی گرنگ گیرۆدەی دەردێکی کوشندەشە، دەردی نەزانی لەکاری رێکخراوەییو دەماگیری نەتەوەییو سەرکێشیو بێسەرو بەریی. ئاڵودەی کەمێك (غرور)ە کەناتوانێت بەئاسانی لێی دەربازبێت، بە پێچەوانەوە تادەهات ئەوغرورە لەگەورەبووندابوو. ئەوەشی کەرۆژ بەرۆژ زیاتر نیگەرانی دەکردمو لەبریاری دەستکێشانەوەی نزیك دەکردمەوە، ئەوەبوو ئەو ناوەندە پرە لەمرۆڤی باش بەڵام نەشارەزا، تێکەڵەیەکە لە کۆنەسیاسیو رۆژنامەنوسو خەڵکی حەماسی، کەئەم دەردە لەبرادەرانی ئەوروپاوە سەرچاوە دەگرێتو هەرلەوێشەوە درێژە دەکێشتو بەرەوئاقاری پەرت بوونو مەرگێکی شێنەیی دەبات، ئەفسوس..لەبری ئەوەی ئێمە لێرەوە لە"کوردستانەوە" لەوڵاتێکی بێکاراباوە، لەوانەوە فێری کاری رێکخراوەیی بوینایە، ئەوان خۆیان دەستوپێسپی بوونو گوێیان بەو تۆزە شارەزاییەی ئێمەش نەدەدا، ئەورێکخراوانەی لەدوای ئاوارەبوونی راپەرینەوە هاتنە کوردستانو بناغەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیان داناو ئێمە لێیانەوە فێری کاری رێکخراوەیی بووین، هەموویان لەو وڵاتانەوە هاتبوون، کەئەو برادەرانەی ناوەندی چاکی لێنیشتەجێنو پەنابەری سیاسین تیایدا. کەچی بەداخەوە نەسەردانی رێکخراوێك دەکەنو نەهیچیان لێوەفێربوون!! هەست کردن بەم دەردە لەلایەن منەوە وروژێنراو قسەم لەمەترسیەکانی کرد، دیارە پێش منیش رەخنەو گلەییو گازندەیەکی زۆر هەبووە لەفەوزاکانی ناوەندی چاك، زویربوونو دەستکێشانەوەو بۆڵەبۆڵیش لەولاوە بوەستێ، بەڵام کەسیان جگە لەئەمیر قادرلەراگەیاندنەکانەوە بیروڕاکانی خۆیان بڵاونەکردبووەوە.

وەنەبێ منیش موعجزەیەکم هەبووبێت، بەڵکو تەجرەبەی کاری رێکخراوەیی خۆم هەبوو، کەبۆماوەی زیاتر لەدەساڵ لەناو رێکخراوە (N.G.O)کاندا، کارم کردبوو، ئەو رێکخراوانەی کەلەدوورەوە بەهۆی بارودۆخی نالەباری کوردستانەوە هاتبوونو منیش دەرفەتی کارکردنم بۆ رەخسابوو تیایاندا، هەڵبەت تەنها لەرووی ستراکتۆری کارکردنیانەوە، دەنا ئەوانیش بەدەرنەبوون لەخاڵی نیگەتیف، وێرای بەجێهێشتنی توێژێك لەگەنجی هەلپەرستومشەخۆری مۆدێرن، کۆمەڵێك کادری باشیشیان لەکوردستان بەجێهێشت کەئێستا لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەوری پۆزەتیف دەگێرنوخەونی بەرەو مەدەنیەتییان هەیە، منیش بەخەیاڵی خاوی خۆم هەوڵمدا لەکوردستانەوە تەجرەبەی خۆمو ئەورێساوسیستمە رێکخراوەییەی فێری ببووم، بیبەمە ناوناوەندی چاکەوەو ناوەندەکە بۆناساندنی جینۆسایدکردنی کورد. ببێتە سەنتەرێکی ئەکادیمیو مەیدانی، تا بە پێی توانای خۆی بەدۆکۆمێنت بچێتە سەرکاروچالاکیەکانیو بەلێتوێژینەوەی زانستیەوە لەکاریگەریەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بکۆڵێتەوە، بەئامارەوە بچێتە شەڕی ئەولایەنە دژانەی بەگومانەوە لەتاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد دەڕوانن یان نکۆڵی دەکەن، مەبەستم بوو ناوەندی چاك هەوڵبدات کێشەی کورد لەکێشەیەکی لۆکاڵیەوە بەرێتە ئاستێکی نیودەوڵەتی، تەمومژ لەسەر ئەوتاوانە نێودەوڵەتیە لاببا کە ئەمە بۆئەندامانی ئەوروپا"ئیستاشی لەگەڵ بێت" زەمینەیەکی لەباری هەیە، بەم میتۆدە بچێتە سەرسکەو خۆی لەکاری هەڕەمەکی خاڵی بکاتەوەو لەبری ئەوهەموو بەیاننامە زۆروبۆرەی کە لەئاستێکی نزمی هونەری رۆژنامەنوسیدا بڵاودەکرێنەوە، راپۆرتی ساڵانە یان وەرزی لەئاستێکی بەرزدا جێگەی بگرێتەوە " بە زمانی رێکخراوی ناحکومیوبەبەرپرسیارێتیەوە تاوتوێی دۆسێکانبکاتو بەفەرمی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات" ئینجا بێتو راپۆرتەکەی بڵاوبکاتەوە ئیتر بەیاننامە بۆ حاڵەتی زۆر تایبەت نەبێت پێویست بەبڵاوکردنەوەی نەکات.

مەبەستم بوو ناوەندی "چاك" ببێتە رێکخراوێکی وا کەبەدنیا بڵێین : ئیتر کوردیش " بەبێ هیچ دەمارگیرییەکی نەتەوەپەرستیوئایدۆلۆژی بەڵکو بەدیدێکی ئینسانیەوە" لەنێوکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا رۆڵی خۆی ببینێوبڵێت: ئێمەش هەینو بەشێکین لەکۆی مرۆڤایەتی، بانگ بەگوێی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیدا بداو بلێت: چیتر لەبێدەنگیتان چاوپۆشی ناکەینو بەهۆی ئەوەی جینۆسایدکراوین پێویستە حەسانەیەکی نیودەوڵەتیمان هەبێت، مەبەستم بوو وەها رێکخراوێك دۆستایەتی لەگەڵ ئەوکەسو لایەنانە نوێ بکاتەوەو رێزیان لێبگرێت، کە لەساتەوەختی ئەنجامدانی تاوانەکاندا لەسەرئاستی نیودەوڵەتی بەدەنگمانەوە هاتوونو لەئایندەدا کەڵکیان لێوەردەگرین. هەمیشە ئەوەم وتووە: (ناوەندی چاك پێویستە بەخویدا بچێتەوە.. ئەگەر خۆی رێکبخاتو بەسیستم کاربکات، دەبێتە ئەو رێکخراوەی کورد هیوای خۆی لەسەربنیات بنێتەوە، چونکە ئەمرۆ ئەوەی بەرێکخراوێکی ناحکومی دەکرێت بەدڵنیاییەوە بەحزبی تەقلیدی ناکرێت، چ جای حزبی کوردی کەهەتا ئێستا بەفەرهەنگو کەڵچەری پاشماوەی فیودالیزم کۆمەڵگا بەرێوە دەباتو بەبای کۆن شەنوکەوی خەرمانی روداوەکان دەکات، بۆیە رێکخراوی ناحکومی پرۆفیشناڵ لەبوارە جیاجیاکانی کارکردندا، بەتایبەتی لەم دنیای تەکنەلۆژیەدا دەتوانێ رۆڵێك بگێرێت کە کورد تائێستانەی گێراووپێی نامۆیە، بەتایبەتی لەئەوروپا کەدادگا تیایدا سەربەخۆیە، بوار هەزارئەوەندەی کوردستان رەخساوترە،

به پێچەوانەوە هەر ڕێكخراوێكی هەڕەمەكی و بێسیستمی وەكو ئەوەی ناوەندی چاك تەمەنی كورتەو، درەنگ یان زوو دەستكەوتەكانیشی دەدۆڕێنیٚ و كۆمەڵگەی كوردیش لەم بوارەدا ڕوبەرووی شكستو بێمتمانەیی دەكاتەوەو ئەوهیوایەشی دەكوژێت. ( بەهیوام برادەرانی ناوەند چ ئەوانەی فراكسیونی چاكسازییان پێك هێناوەو چ ئەوانەشی لەنێوەندی هەردولادا بیلایەن ماونەتەوە، ببنە ئەوهیوایەو لەچالاكبوونەوەم پاشیمان نە بمەوە )

لەنامەیەكمدا كە دووساڵ بەرلەئێستا ناردبووم بۆ دەستەی بەڕێوەبەر دووتەوەری بنەڕەتیم دەستنیشانكردبوو كەناوەند كاری لەسەربكات، ستافی شیاو بۆهەریەكەیان دابین بكاتو بەمیتۆدێكی زانستی ڕێكخراوەیی بكەوێتە كار، ئەوانیش ئەم دووتەوەربوون:

**تەوەری یەكەم: دۆسێی مافەكانی مرۆڤ.**( ئەم بوارە هەموو جۆرەكانی پێشێلكاری دەگرێتەوە لەسەرمافەكانی مرۆڤ) واتە ئەم بەشە لەناوەندی چاك كاری خۆی بەڕێوەبەرێتو ستافی لێوەشاوەیی بۆ دابنرێتو خەریكی كارەكانی خۆی بێت، نەك وەكو چێشتی مجێور ئاوێتەیەك بێت لە ڕۆژنامەنوس و كۆنە سیاسی و خەڵكی حەماسی و نەشارەزا لەكاری ڕێكخراوەیی.

**تەوەری دووەم: دۆسێی جینۆساید."** واتاكۆی هەمووئەو تاوانانەی دەچنەخانەی جینۆسایدەوە" ( ئەنفال، كیمیاباران، كۆمەڵكوژیەكان، تەعریبو شێواندنی مێژوو شوێنەوارو قەدەغەكردنی زمانی دایك..هتد. كە ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە) ئەوەشم ووتبوو كە ڕێكخراوەكە جیهانی بێت، نەك تایبەت بەگەلی كورد، بۆنمونە( ناوەندی هەلەبجە دژبە جینۆساید) ئیتر كەنوسیت هەلەبجە خۆی لەخۆیدا مۆركێكی كوردیشی پێوەیە بۆئەوانەی هەستی نەتەوایەتیان هەیە. بەڵام كاركرنمان بەپلەی یەكەم لەسەرجینۆسایدكردنی گەلی كوردبێت. واتا تابعێكی نیودەوڵەتی مرۆڤدۆستانە وەربگرێت لەپیناوی بنیاتنانەوەی نەتەوەیەكی جینۆسایدكراو، نەك لۆكاڵی یان نەتەوەیی بێتو بەجۆرە دەمارگیرییەكەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسێكەدا بكات. (یان كەمپین بۆ تۆلەسەندنەوە ڕێكبخات..!!)و لەبەردەم كۆمەڵگەی نیودەوڵەتیدا پەراوێزمان بخات. ئەمیش بەهەمان شێوە دەستەی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری كارگێری بۆ دیاری بكرێتو لەسەرەوەش لەسەر ئاستی هەردووو بەشەكە ئەنجومەنێكی باڵا هەڵببژێردرێت تا نوێنەرایەتی ناوەندەكە بكاتو ڕێكخەرو ڕاگەیاندنو بەڕێوەبەری گشتی هەڵبژێردرێتو لە ناوخۆو دەرەوە ناوەندەكە بەڕێوەبەرنو تابعێكی نیودەوڵەتی پێببەخشنو لەگەڵ ناوەندە گرنگەكانی كۆمەڵگەی نیودەولەتی و كەسایەتی گرنگ و ڕێكخراوە لۆكالی و نیودەولەتیەكانی مافی مرۆڤو ڕێكخراوەكانی تر بكەونە پەیوەندیو گفتووگۆ لەسەر ئێستاو ڕابوردوو داهاتووی گەلێك كە جینۆساید كراوە. كورتو كرمانج ئەوەی هیومان ڕایتس وۆچو میدلئیست وۆچ كردیان ئیمە خۆمان بەسەرئەنجامی بگەیەنین..

هەولێكی زۆرمدا پشت بەكادری لێوەشاوەو پرۆفسشناڵ ببەستیٚ و پەیوەندی بەو ڕێكخراوانەوە بكرێتو كەڵك لەتەجرەبەو توانایان وەربگیرێتوئەگەربشێت، لەكوردستانو دەرەوە كاری هەماهەنگ پێكەوە بكەینو ئیتر لەبری ئەو شێوازە دزێوەی دارایی كۆكردنەوەیە، كەزیاتر مۆركی سواڵكردنی پێوەیە، شێوازی دۆنەرو پێدانی فەند بدۆزینەوەو كارەكانمان بە پرۆژە بەڕێوەبەرین.

مەبەستیش ئەوەیە ناوەندی چاك ببێتە ڕێپیشاندەری چەندین ڕێكخراوی نێودەوڵەتیو لۆكالی ناحكومی غەیرە كوردو كار لەسەرساغكردنەوەی دۆسێی جینۆسایدكردنی كورد بكەینو لەئاستێكی بەرزو متمانە پێكراودا داكۆكی لەمافەكانی مرۆڤ بكەین لەكوردستان، هەروەكو ڕێكخراوی هیومان ڕایتس وۆچو میدڵ ئیست وۆچ كردیان بەچاوساغی نوسەری گەورەی عەرەب، كەنعان مەكیەو بەسەرپەرشتی ( ئەندرۆ وایتلیو یوست هێلتەرمان )وچەند بەرێزێكی تری كورد لەكوردستان ئە نجامیاندا.

ئەوەی من مەبەستم بوو دوركەوتنەوە لەنەغمەی حزبو فرێدانی ئەوبەرگە حزبیە تەقلیدیەبوو، ووتم هەرهیچ نەبیچت لەبری بەرپرس بەرویوەبەرو لەبری كۆمیتە نوسینگە ( ئۆفیس )و لەبری سەرپەرشتیاری گشتی بەڕێوەبەری پرۆژەو بەڕێوەبەری ئیداریمان هەبوایەو لەسەرستانداردێكی ڕێكخراوەیی تەندروست بێینە مەیدانی چالاكی نواندنەوە، نەك بەهەموو شێوەیەك لەحزبەكان بچین، چونكە من هەمیشە دڵنیام لەوەی ئەو جۆرە ڕێكخراوانە تەمەن درێژو كاریگەرترن لەكاركردندا و ئەم شێوازی كاكردنەی ناوەندی چاك تەمەن كورتو بێكاریگەردەبنو تاسەرنامێننەوە.

بەڵام بەداخەوە من لەگوێی گامێشدا خەوتبووم ..هەندێك كەس نەك قسەكانمیان بەدیوە ئیجابیەكەیدا بەهەند نەگرت، بگرە لێتێنەگەیشتن گەیشتە ئاستی گاڵتە پێكردنو تەنانەت پێرابواردنو دژایەتی دڵرەقانەو تۆمەتباركردنیشم. بەوەی خۆم بەخەبیرو شارەزادەزانمو بەكرێگیراوی پارتیو یەكێتیو لەوەش خراپتر پاداشتی سەرۆك جاشەكانم وەرگرتووە!! بەتایبەتی ئەوكاتەی چالاكبوونەوەوژی هێنانی

عەلی حەسەن مەجید وەستامەوە بۆ لەسێدارەدانی لەشاری هەڵەبجە.

پێشتریش لەسەر ئەوخالانەی تیایدا باسی دەوری کادری لێوەشاوەی ڕێکخراوی مەدەنیو زمان زانیو پلەی خویندەواری..هتدم کردبوو کە تیایدا ووتبووم : "باشتروایە سەرپەرشتیاری گشتی بەلای کەمەوە سێ زمان بزانێ بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی".و توانایەکی زۆری هەبێت خاوەنی پشوویەکی دیموکراسی بێو شارەزاییەکی زۆری مافەکانی مرۆڤ بێت، کەسێکی نەفەس درێژو سەنگین بێت، یاران ئەم بۆچونانە هیچ گوناهێکی تێدایە؟ لەنامەیەکدا کەبۆ کاك سالار سۆفی"جیگری سەرپەرشتیار"م ناردبوو نوسیبووم:

(بەبرواى من ناوەندی چاك بەم حاڵەی ئێستایەوە جگەلە فەوزایەك هیچی تری لێشین نابێت، دەشێت لەرێگەی تەندروستو پەیوەندی نەرمو لەسەرخۆی خۆمانەوە، خەڵکی تربدۆزینەوەو بیانهێنینە ناوەوە، پەیوەندی گرتن بەتەنها بەس نیە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو ئەمنستی ئەنتەرناشناڵو هیومان رایت ووچو جینۆساید ووچ، ئەوەندەی گرنگە بتوانین خبرەیان لێوەربگرینو بچینە وۆرك شۆپەکانیانەوەوفەندیان بۆبدۆزینەوەو کادرەکانیان بانگهێشت بکەینە کوردستانو بەکاریگەریەکانی جینۆسایدی کورد ئاشنایان بکەین. " وەکو ئەوەی لەگەڵ کۆمیتەی نەرویج کردمان" [1].. سەرنجیان رابکێشین بۆمامەڵەی نادیموکراسیانەی دەسەلاتدارانی عێراقی. مەسەلەی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکەینە مەسەلەیەکی ستراتیژی خۆمان، تالەو کەنالانەوە ڕووبەڕووی حکومەتی عێراقیانبکەینەوەو خۆشمان بیکەینە پرۆژەو کاری لەسەر بکەین بەلام وەکو رێکخراوێکی ناحکومی نەك بەبەیاننامە دەرکردن). ئەو ڕێکخراوانە بانگهێشت بکەین بەرلە دەست پێکردنی دادگاکە فشاریانبخەینە سەر تا ئەو قەناعەتە لەلای دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بچەسپێنین، هەرهیچ نەبێت ئیمە بتوانین هاوشێوەی ئەوانبین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەودۆسیێانەی دەمانەوێت کاری لەسەربکەین.

وەنەبێ ئەمە جارێكو بەتەنها ئاراستەی کاك سالارکرابێت، بەڵکو ئەم جۆرە بیروڕایانەم بەردەوام ئاراستەی دەستەی بەرێوەبەرکردووە، لەکوردستانیش مناقەشەمان لەسەرکردووە، بەلام بەداخەوە، کەمینەیەك لەناودەستەی بەرێوەبەر بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی دنەدانی سەرپەشتیاربوون، ئەمەیان بەمەترسی زانی بۆسەرخۆیانو زۆر بەتوندیو بگرە بەوپەری نامەسئولانەوە نەك هەرلەدژی من کەوتنە بەرەنگاریکردنمو کێشە نانەوە، بەڵکو کەوتنە تۆمەت دروستکردن بۆکاك سالارسۆفیش کەگوایە کەوتووەتە ژێرکاریگەری ئێمەوەو لایەنگریمان دەکاتو دواجاریش تۆمەتی ئەوەیان خستە پاڵ دەیەوێت دەست بەسەرناوەندی چاکدا بگرێتو کۆنترۆڵی بکات..! ئایا کارکردن لەگەڵ ئەم عەقلیەتانەدا ممکینە؟

یەکەمین سوکایەتی کەئاراستەیانکردم ئەو کاتە بوو کە داوەت کرابووین بۆ دادگای باڵای تاوانەکان لەدۆسیێی ئەنفال " کەسێك بێ ئەوەی بیناسم جا نازانم بەچ مافێك؟! بەوپەری بێ چاوو ڕووییەوە نوسیبووی: ئەو کارە بەرەلاییە، واتە چوونی من بۆ دادگاکە لە بەغدا بەرەلاییە !! ) لەکاتێکدا من لەگەڵ 9 کەسی تر لەسلێمانی وەکو چالاك لەبواری ئەنفال داوەت کرابووین، نەك وەکو ناوەندی چاك، واتە ئیمتیازی ناوەندی چاك نەبوو دەستم کەوتبێ، بەڵکو ئیمتیازی خۆم بوو من بەناوەندی چاکم بەخشی، وەکو بەرێوەبەری نوسینگەی سلێمانی ناوەندی چاك خۆمناساند، چونکە بەلامەوە گرنگ بوو ناوەندی چاك ئامادەی دانیشتنەکانی دادگاکە بێت) دەنا چ مەجبوربووم ناوی چاك بهێنم، بەڵام بە تیروانینی ئەوبەرێزەی هەمیشە بێریزی بەخەڵك دەکات دەبوایە دادگا ئەرکی بکێشایە داوەتی ئەوانی بکردایە نەك من؟! ئەگەرچی دەستەی چاودێر ئەوکاتە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردو داوایان لێکرد داوای لێبوردن لەمن بکات، بەڵام ئەو چۆن ئامادەی لێبوردن دەبێ؟! چونکە لێبوردن لەلای وەها کەسانێك گەورەیی نیە بەڵکو بە پێچەوانەوە سوکایەتیە بەخۆت) گوایە دەستەی چاودێر غەدریان لێکردووە هەموو غەدرەکەش ئەوەبوو دەستەی چاودێری ئەوسا جنێونامەکەیو وەڵامەکەی منیان بەراورد کردبوو نوسیبویان: نامەکەی کاك عومەر محەمەد هیچ ووشەیەکی بریندارکەری تیدانیەو بە پێچەوانەوە نامەکەی بەرێزت بریندارکەرەو پێویستە داوای لێبوردن بکەیت..! بۆیە بەو بیانووەوە لەناوەندی چاکیش دورکەوتەوە، هەتا پرۆسەی چاکسازی هاتە پێشەوە کەچی هەرئەوەندەی زانییان ئەم فەوزایەیان تاسەر بۆ ناچێتە سەر وەکو بلێی ( شەربەکۆنەقین دەکەن) ئەو زاتەیان هێنایانەوە مەیدانو ئێستاش بەهەمان رەفتاری جارانیەوە بووەتە تێکدەرترین

[1] دوای ئەوەی کۆمیتەی نەرویجی ناوەندی چاك هەولیاندا لەگەلیاندا نوێنەری ڕێکخراوی نەرویجی بۆمافی کوردو سەنتەری هۆلۆکۆست، پارێزەر ڤیدار بێرگلاند یان ناردە کوردستانو ئێمەش لێرە بۆماوەی 3 رۆژ هاوکارو یاوەری بووینو دواتر بە هاوکاری چەند بەرێزێکی تر بەکۆمەلێك بەلگەوتابلۆی هونەری تایبەت بەئەنفالەوە گەرایەوە بۆنەرویجو لەوێ لە رۆژی 4/14دا پێشانگایەکی نیودەولەتیان بۆ ئەنفال ڕێکخستبوو.

کەسی ناوەندی چاك‌و هەر رۆژەی تەشقەڵەیەك بەناوەندی چاك دەكات‌و دژایەتی چاكسازی دەكاو لەماڵپەرەكەی خۆیەوە تۆمەت بۆ ئەندامانی ناوەندی چاك دروست دەكاو جنێویان پێدەدات. بێئەوەی كەسێك وەڵامی بداتەوە لەسەر جنێودان سورن بەناوی خۆیان‌و ناوی خواستراوەوە.!!
بەهەرحاڵ دوای ئەوەی جەختم لەسەر ئەوە دەكردەوە كە دەبێت ناوەندی چاك رێكبخرێتەوەو بەسیستم كاربكات، وەكو ئەوەی تاوانێكی زۆر گەورەمكردبێ، كەوتنە سوكایەتی كردن بەخۆم‌و ئەوانەشی وەكو من رەخنەیان دەگرت، گوایە ئێمە زۆر قسەدەكەین‌و كەم كاردەكەین .. ئیتر سوكایەتی كردن شۆربووەوە بۆئاستی قسەی بێبناغەو نامەسئولانە گوایە ئێمە لەلایەن دەسەڵاتەوە كڕدراوین..!! كاربەمەشەوە نەوەستاو كاتێك نامەی ئیستقالەكەمان بڵاوكردەوە، سیناریۆی بۆكراو لەئاستێكی زۆر نزمی خوێندەواری‌و تێگەیشتندا كەوتنە قسەی عەنتیەكەو پلارهاویشتن‌و ئیستفزازو موهاتەرات بەخەیاڵی خاوەوە رامدەكێشنە ناو مناقەشاتێكی نزمەوە.. بەڵام ئەمە بۆمن مەحاڵ بوو، هەروەكو داهاتووش مەحاڵە بچمە ئەو ئاستەوە كە ئەوان تیایدا چەقیوون، ئەستەمە بچمە شەرێكەوە كە تیایدا براوەو دۆراو یەك واتای هەیە..ئەمە جگەلەوەی نەك كاتم نیە بۆ ئەو شەرە بگرە ئامادەنیم كات بەخوێچندنەوەی جنێوەكانیشیانەوە بكوژم، بەڵام ئیتر تێگەیشتم كاركردن لەگەڵ ئەم عەقلییەتانە زۆر قورسەو كاریگەری لەسەردواخستنی خۆشم دەبێت.. كورد ووتەنی پیاو دوژمنی عاقڵی هەبێ لەهەزاردۆستی نەفام باشترە" چ لەوە ئەستەمترە خۆبەخشانە كاتێكی زۆر بۆ بنیاتنانەوەی مرۆڤایەتی تەرخانبكەیت، ماڵ‌و منداڵت بخەیتە تەنگانەوە، كەچی لەبەرانبەردا ئەندامانی ناوەندەكەی خۆت تەنها لەبەرئەوەی ڕەخنە لە بێبەرنامەیی‌و كاری هەرەمەكی دەگریت، بتكەنە دوژمن‌و وێنەی شەیتانت پێببەخشن!! ( لەشەیتانیش خراپتر بتكەنە دۆستی جاشەكان..!! ).ئاخر ئەمە چ كەڵچەرێكە؟ چ ئاستێكە لەبیركردنەوەو رەفتاركردن؟ تا مرۆڤ لەگەڵیاندا كات بكوژێ؟
سەرەتا بەناوی خۆیانەوە كەوتنە قسەی عەنتیكە، وەكو ئەوەی سەرپەرشتیارنوسیبووی <u>ئەوانەی وازیان هێناوە نایانناسم</u>..!! سەیر لەوەدایە خەڵك لێرە بەئەنفالستان‌و ناوەندی چاك دەمناسنەوە، كەچی سەرپەرشتیاری ناوەندی چاك ئەو شەكرە دەشكێنێ‌و دەستەو تاقمەكەشی بەبەكرێگیراوی جاشەكان ناوم دەبەن..! بروابكەن ئەمە ئەوەندەی مایەی پێكەنین بوو هێندەمایەی دڵتەنگم نەبوو، بەرادەیەك قسەی سەیریان بڵاوكردووەتەوە هەرمە پرسە، هەفتەنامەی ئاوێنە سەرپەرشتیاری ناوەندی "چاك"ی دواندبوو " بەداخەوە نازانم ژمارە چەندەێتی" بێسنور قسەی سەیرو عەنتیكەی كردبوو..نایشارمەوە زۆر هەستم بەشەرمەزاری كرد كە ئەندامی ناوەندێكم سەرپەرشتیارەكەی بەوزمانەو لەوئاستەدا قسە لەسەرناوەندی چاك‌و گەورەترین تاوان" جینۆساید" و لەوەش گرانتر گۆڕانی كۆمەڵایەتی بكات‌و سووكایەتی بەخەڵك بكات، تیایدا گاڵتەو قەشمەریەكی زۆری بەو كەسانەشكردبوو، كە لەرێكخراوەكاندان، پلاری لەو كەسانەدابوو كە جانتای دبلۆماسیان بەدەستەوەیە! یان پۆشتەن‌و قات لەبەردەكەن‌و..هتد ) "نازانم هەفتەنامەی ئاوێنە چۆن ئەو قسە سوكایەتی ئامێزو عەنتیكانەی بڵاوكردبووەوە"؟ بۆمەگەر قاتلەبەركردنیش خیانەتە بەقوربانیانی ئەنفال؟ جانتا هەڵگرتنیش بوو بە شەرمەزاری؟! دیسانەوە یەكێك لەوكەسانە بەو پەری نامەسئولانەوە كۆمەڵێك قسەی زبری بەئارمی ناوەندەكەوە لەسایتی كوردستان نیوس فرێدابوو، (گوایە داكۆكی لەچاك دەكات كەچی نابووتی كردبوو) كۆمەڵێك قسەی زۆر خراپ‌و بێسەرو بەری كردبوو، تیایدا جگە لەئێمە كەرەخنەمان لەراگەیاندنەكانی ناوەندی چاك هەیە، بێ مناسەبە سوكایەتیەكی زۆریشی بەرێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ئێرە كردبوو، بەزمانێكی دور لەزانستی نوسین‌و بڵاوكردنەوە فەزڵفرۆشیەكی زۆری كردبوو كەوتبوە پلارهاویشتن: ( تكایە لەو دێرانەی خوارەوە وردبەروە كەخەتیان بەژێردا هاتووە ) :

ئەو رەخنانەی لە م بوارەدا لە چاك دەگیرێت زیاتر لەو كەسانە <u>دەخولێتەوە</u> كە <u>نزیكە</u> دەسەلاتن یان لە ژێر كاریگەری ئەوانن . ئاخر ڕیكخراوی كوردی و <u>پیشەیی كوردی</u> بەس <u>فێرە ئەوە كراوە دەست خۆشی و ستایش بۆ دەسەلات بنێرن .</u> ئەوا چاكە ئەو ڕێچكەیەی شكاندوە كێشەكە ئەوەیە بۆ <u>هەموو ڕێكخراوەك</u> <u>حەلالە</u> كەپشتگیری و دەست خۆشی لەدەسەلات بكات بەلام بۆ رەخنەو ناڕەزایەتی حەرامە !!؟؟ <u>خالەكی تر</u> باس لەوەدەكرێت كە چاك زۆر بەیانامە دەردەكات؟

پێش ئەم پەرەگرافەش سوكایەتیەكی زۆر بێپەردەی بەو شاعیرو ئەدیبانەش كردبوو، كە لەیادەكاندا شیعرو پەخشان دەخوێننەوە، ئەمە هەموو تواناو هێزی زمانی بەرپرسی راگەیاندنی ناوەندی چاك بوو دەربرینی ئەوكەسە كارگێرو بەرپرسانەبوو كەدژایەتی چاكسازییان دەكردو دژایەتی هەردەنگێكی رەخنەگریان دەستپێكردو بەرهەڵستی هەرگۆرانكارییەكیان لەناوەندی چاك دەكرد. ئیستاش كە جیابوونەتەوە دژایەتی سەرسەختی ناوەندی چاك دەكەن‌و ماڵپەرێكیان بۆخۆیان دروستكردووەو دەیانەوێت. خەڵكی چەواشەبكەن. بەڵام ئایا دەتوانن؟! بۆمەگەر خەڵك هێندە گێل‌و بێ ئاگایە؟!

**<u>سووكایەتی كردنی بەردەوام‌و بێدەنگی دەستەی چاودێر:</u>**

بروابکەن لەگەرمەی سەرقالیمدا بۆ دەرکردنی ژمارە 4ی ئەنفالستان سەرقالیان دەکـردم بەکۆمـەلێك کێشـەی زۆر لاوەکییـەوە منـیش هـەموو جارێك وەلامم دەدانەوە جگەلەوەی کارەبام نیەو خەتی ئەنتەرنێتم نیە سەرقالی ئەنفالستانم و بەو مەسەلانەوە کاتم مەگرن، کەچی نـەخێر هەر جارەی تۆمەتێکیان بۆ هەلدەبەستم، بەیانەکەی لەسەر روداوی 3/16 گەلێك لاوازە، قسەکانی تۆ وەکو قسەی دەسـەلاتداران وایـە، تـۆ داکۆکیت کردووە لەدەسەلات و خەلکت تاوانبارکردووە لەسوتانی مۆنۆمینتی هەلە بجە؟!! جا ئەمە دەچێ بەعەقلی کێدا بـۆ لـە روداوی 3/16 پیاوەکانی دەسەلات دەیانتوانی یان رویان دەهات داکۆکی لەخۆیان بکەن؟ ئێستاش دەیلێمەوە هەلە بجەییەکان سوکایەتیان بە قوربانیـەکانی خۆیانکرد. بەهەرحال سێ وتارم لەسەر ئەو روداوە هەیە هەمووشیان لەسایت و رۆژنامەکان بلاوکراونەتەوە، لەم ماوەیەشدا تەلەفۆنێکم بۆهات ووتی لەسایتی کوردستان پۆست لەسەریان نوسیون ووتم لەسەرکێ ووتی لەسەرناوەندی چاك بەلام باسی ئەوەشی تیدایە کەتۆ خۆت فرۆشتووە بەدەسەلات و بەشداری کونفرانسی ئەنفال دەکەیت لەگەلْ دەسەلات؟ ووتم باهەربلێن من خەریکی ئەنفالسـتانم، دواتـر لـە نوسـینێکی کـاك دلێر محەمەدا خوێندمەوە کە یەکێك لەو جەماعەتەی چاك بی نوسیوێتی لەجەماعەتەکەی سالار سۆفی خۆی فرشـتووەو خـەریکی کۆنفرانسـی ئەنفالە لەگەلْ دەسەلات؟ وەکو بلێی کونفرانس و قسەکردن لەسەرئەنفال هەرلەسەر بەرێزیان تا پۆبێت، ئاخر ئەگەر کەسـێك کـەمێك هەسـت بەبەرپرسیارێتی بکات، پێویستە بزانێ چۆن قسەدەکاو چۆن بەبەلگەوە خەلك تۆمەتبار دەکات چ جـای ئـەوەی پارێزەرومافناسـیش بێـت؟! بەداوای لێبوردنەوە دەبێت بلێم: ئەوانەی لەنارەوا تۆمەتی پیاوی دەسەلات دەخەنە پالْ من، لەوخەلکانـەن کـە هـیچ لەباردانـەبوون، دەنـا ئەگەر کەمێك شەهامەتیان هەبێت کەهاتنەوە بۆکوردستان واستەناکەن و لەخەلکانی نزیکی دەسەلات ناکروزێنەوە نەك بۆ بینینی بەرپرسانی بالای دەسەلات، تەنانەت بۆ بینینی مەسئولی لق و مەلبەندیش! منێك ئەگەر بەعەلـەنی و بە پێشچـاوی خەلکـەوە لەشاشـەی تەلەفزیونـەوە خەریکی کۆنگرەی نیودەولەتیبووم بۆ ئەنفال چ عەیبەیەکی تێدایە.؟ منێك لەبری ئەوەی ماستاوم کردبێ و ریاکاریم کردبێ خۆیان بەدوایانـدا ناردبم و رێزیان لە ماندووبوون و توانام گرتبێ رێگر چیە نەچم بۆ ئەو کۆنگرەیـە؟! منێـك ئەگـەر لەکوردسـتان بم و لەگـەلْ سەرپرشـتیارو ئەندامانی ناوەندی چاك چون ونەچوونم براندبێتەوە ؟ کێی تر لەئەوروپاوە مافی ئـەوەی هەیـە تعمیم لەسەرچـوون و نەچـوونی مـن بـدات بۆهەرکارێك؟ ئەوەش ناشارمەوە من نەدوژمنی پارتی و نەدوژمنی یـەکێتی و نەدۆستیشـیانم، هەرکـەس کـار بۆئـەنفال دەکـات بابفـەرموێت یارمەتی دەری بم، حکومەتی هەرێمیش با زۆر بێمنەت بێت ئەگەر پارەی چایەکی بۆ داومەتەوە، ئەگـەر کرێـی سەیارەشـی بـۆ خـەرجکردووم باریسوای بەردەمی قوربانیانی ئەنفالبم؟ لەدوای ئەمەوە خەلکانێکی ئێرەیی پێبەر لەکوێی هاوکێشەکانی ئـەنفال و کۆنفرانسـی ئەنفالـدان هەتا من پرس ورایەکیان پێبکەم؟! بەلام مەسەلەکە ئەوەنیە کەمن خۆم بەدەسەلات فرۆشتووە، بەلکو مەسەلەکە ئەوەیە کە بەوان نـەوتراوە، دەنا کەم نین ئەو ئەندامانەی ناوەندی چاك ئامادەی هاوکاریکردنی ئەو کۆنگرەیەن، واچاکە گرێی دەرونیەکەی ئەو کەسەشتان بۆ ئاشکرابکەم ( بەداوی لێبوردنەوە کە ئامادەنیم ناوی بێنم ) تابزانن ئەم هێسترایەی ئەو پارێزەرە فاشلە چیە لەدژی من، کورت و کوردیەکەی ( ئەوەکاتـەی خەریکی دۆسێی هەلە بجەو شاهیدەکانی بووین بۆ دادگا، ئەوبەحساب پارێزەرە بەشێوەیەکی زۆر هەلپەرستانە هەولێکی زۆری دا هـەتا وەکـو پارێزەرێکی هەلە بجەیی بەبیانووی داکۆکیکردنەوە لەسەرحسابی دادگاکە بێتەوە بۆکوردستان، ئـەو سـاتەوەختە خـۆفرۆش نـەبووم بـەرێزو بەوەفاو ه..تد بووم ئەو کابرایە ئۆقرەی لەبەر برابوو بەردەوام لەسەرخەتبوو، بۆئەوەی من دوا لـەدادگای بـالای تاوانـەکانی عێـراق بکـەم بەرەسمی بانگهێشتی بکەنەوە بۆکوردستان،ئەویش لەرێگەی نامەیەکی خۆیـەوە، بـەلام کاتێـك لەگـەلْ سـەرۆکی لێکۆلینـەوە لەوبارەیـەوە قسەمکرد ئەو مەسەلەکەی بەهەند نەگرت تا دواجار ووتی ئێمە لێرە پەکمان لەسەرپارێزەر نەکەوتووە، دوای ئەوە کێ دەزانی ئەم دۆسێیە کەی دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. ئیتر کە وەلامەکەیم بەئیمایلێك بۆناردەوە ئێستاشی لەگەلْ بێت ئیمایلێکی نەکردەوە تا بزانێت دۆسێی شارە کیمیابارانکراوەکەی گەیشتە کوێ ئیتر هەموو خۆفرشی و خراپیەکەی من ئەوەندەیە،کە لیاقـەی ئـەوەم نـەبووە قەناعـەت بەدادگاکـە بێـنم بەرێزی بانگهێشت بکەن بۆ کوردستان، ئەو کابرایە ئەو شەرەیە دەیفرۆشێت، بـەلام نەگبەتیەکـەی ئـەوان لەوەدایـە مـن ئـاورِ لەشـەرانگێز نادەمەوە بروابکەن ئەوەندەشی کەئێستا دەینوسم زۆر بەرەقی دەزانم و بەشایستەی هیچ کەسێکی نازانم ئاوا قسەی لەگەلدا بکەم بەلام کـورد ووتەنی هەموو شت بەخوێ و خوێش بەمەعنا، ئاخر قوربەسەری ئەومیللەتە!! پارێزەرێك هەموو سـەقافەتی بێتـە سـەر ئەوئاسـتەی تۆمـەت بۆخەلك دروستبکاو جنێوبدات ؟ بێئەوەی هیچ کێشەیەکم لەگەلێدا هەبێت؟ بێ ئەوەی لـەبواری جینۆسـایدوئەنفالدا هـیچ رەنجێکـی دابێـت؟ کەچی شەری ئەنفال و دلسۆزیم بۆ قوربانیان و ناوەندی چاك پێبفرۆشێت؟ جابۆنایەیت کارەکانمان بـەراورد بکـەین؟ بۆنایـەیت بەشـەهادەی پارێزەریەکەشتەوە پێشبرکێیەك لەسەرجینۆسایدو تاوانە نیودەولەتیەکان بکەین؟ ئەوسا هی رەش وسپیش دەردەکەوێت. بۆنایەن بـەراوردێکی تیروانینەکانمان بخەینە بەردەمی رێکخراوێکی پرۆفیشنالەوە ئەوسا دەزانن ککاممان مردوپەرستین و سوکایەتی بەزیندوان دەکـەین؟ کاممـان

مردو پەرستین‌و خزمەت بە کەلچەری خۆفرۆشتن‌و مرۆڤ فرۆشتن‌و ئەنفالکردنی کەرامەتی خەڵك دەکەین‌و کامیشمان دەمانەوێت ئەو دیاردە قێزەونانە نەمێنن؟ فەرموون بابزانین کاملا تەندروستروئینسانیانەتر مامەلە دەکەین، لەکاتێکدا رەفتاروقسەکردن سەنگی مەحەکی مرۆڤن .

بەداخەوە کەئەو دەستەی چاودێرەی لەهەمان سایت رونکردنەوەی لەسەر قسەکانی ئەوپارێزەرە دابوو، لەسەر ئەوەنیە کەواسوکایەتی بەخەڵك کردووە!! ئەوان ئەوەیان بە پێشیلکاری نەزانیوە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کاری سەربەخۆی کردووەو بەناوی خۆیەوە قسەی کردووە؟! ئاخر دەستەی چاودێری رێکخراوێکی مەدەنی بەحساب داکۆکی کارلەمافی مرۆڤ چۆن پێشیلکاری ئاوای لەسەرمافی مرۆڤ بەسەردا تێدەپەرێ؟ مەگەر رێکخراوی مرۆڤایەتی نابێت دادکۆکی لەتۆمەتباریش بکات؟ من لەو دەستەیە دەپرسم لەکەسی ترنا چونکە لای من هێشتا زۆربەی ئەندامەکانی( چاك بی ) رێزێکی زۆریان هەیە بالیژنەیەکی یاسایی بێن ئەگەر سەلماندیان من خۆم فرۆشتووە، ئەوا من ئامادەم سزای شایستەی خۆفرۆشی قبوڵبکەم، بەلام ئەگەر نەیانتوانی تەنها داوایەکم لێیان ئەوەیە بچن خەریکی کارێکی تربن‌و شەربەر بەناوەندی چاك‌و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی نەفرۆشن. سەیرە..! ئەو دەستەی چاودێرە لەبەرانبەر دەیان سوکایەتی لەوجۆرەدا نوزەیەکیان لێوەنەهات. کەچی مافی ئەوە بەخۆی دەدات رونکردنەوە بدات ؟! ( باشە گریمان ئێمە پیاوی دەسەلات بووین، گریمان هەڵەی گەورەمان لەرێکخراوەکە هەیە؟ گریمان تێکدەری ناوەندی چاکبوین، هێشتا مافی ئەوەمان هەیە داکۆکی لەخۆمان بکەین؟ ئایا رێکخراو بەتایبەتی سەرپەرشتیارو ئەندامانی دەستەی چاودێرو بەرێوەبەرەکەی ئاوامامەڵە لەگەڵ ئەندامە هەڵەکانی خۆی دەکات؟ یان پێویستە لەرێگەی پەیرەوی ناوخۆو لێپرسینەوەو رێگە پیشاندانییەوە بێت‌و رێزو متمانە بۆخۆیی‌و بۆ ئەندامە هەڵەکانیشی بگێرێتەوە؟ ) فەرموون بابێین رەفتارەکانی خۆمان‌و پەیرەوی ناوخۆی ناوەندی چاك بەراورد بکەین بزانین کێ پێشیلی پەیرەوی ناوخۆی کردووەو کێ ناوەندی چاك تێکدەدات‌و کێ خزمەت بەدەسەلات‌و کۆنە پەرستی دەکات؟ مەگەر تۆمەت دروستکردن تاوان نیە؟ مەگەر جنێودان کۆنە پەرستی نیە؟ ئەی ئەگەر ئەمانە نەبنە مایەی هەلوەستەی جدی‌و راتان نەچلەکێنێ پێم نالێن ئێوە چاودیری چی دەکەن‌و رێکخراوتان بۆچی مەبەستێك دەوێت؟ ئەمە نەخۆشییەکی کوشندەیە هەرکەس بەدڵی تۆ نەبوو یەکسەرنامەسئولانە، تۆمەتی بێبناغەی بخەیتە پاڵ، ئەمە هەردژایەتی کردنی ئێمە نەبوو بەرێزینا بەڵکو دژایەتی کردنی خەسڵەتە ئینسانیەکان‌و پرەنسیپە دیموکراسیەکان‌و کاری رێکخراوەیشە، دژایەتی کردن‌و شەرفرۆشتنیشە بە ویژدانی خۆتان.

بائەوەش لەدەستەی چاودێر بپرسم ئاخۆ لابردنی ماڵپەری ناوەندی چاك لە پە یجی بلاوکراوە کوردیەکانی ماڵپەری کوردستان نیتدا، واتای چی دەگەیەنێت؟ بڵاونەبوونەوەو نەخوێندنەوەی ئەو ماڵپەرە کەبەچەندین زمان بابەتەکانی لەسەر جینۆساید پەخش دەکات؟ واتای چیە ؟! سانسۆرخستنە سەری لەلایەن ئەندامێکتانەوە خزمەت بەکێ دەکات‌و چ نیشانەیەکی پرسیارتان لەسەر دادەنێت؟ بەراست ئەمە هەمان ئەو رەفتارەنیە کەیەکێتی‌و پارتی لەگەڵ یەکتر دەیانکرد؟ نەتان بینی کوردستانی نوێ‌و خەبات لەسلێمانی‌و هەولێر قەدەغەبوون‌و بلاوکراوەکانی بەعسیش لەسەر شەقامەکان کلاشەیان دەکرد؟ لابردنی ماڵپەری ناوەندی چاك‌و لەشوێن دانانی مالپەری چاکبی ؟ واتای چییە بەرێزینا؟ چەندە نەفەسی دیموکراسیتان نمایش دەکات؟ ئەگەر لەوەش سەرفینەزەر بکەین !! ئەی لابردنی ئەنفالستان بۆچی؟ بروابکەن وێنەی منی تێدانەبوو هەموو هەر خەم‌وژان‌و قسەی راستەقینەی قوربانیانی ئەنفال بوو!! مەگەر ئەنفالستان تاوانی چیە لەو کێشەیەدا؟ بێگومان ئەمە لەدوای هەرەشەکەتان لەکاك دلێر محەمەددەوە هات بۆئەوەی مالپەری ناوەندی چاکتان بداتێ.

بێگومان ناچمە سەرلێکدانەوەی ئەوقسانە چونکە پێم وایە خوێنەر زۆر پێویستی بەخۆماندوکردن نیەو دەزانێت، سەرلەبەری بێبناغەو ناماقوڵن. بەلام ئەوەی کە ئەم قسە بێپێزانە دەهێنێتەوەپێشێ ئەوەیە کەوا ئەم ئاستە لەسەقافەت‌و توانای دەربرین، لەئاستی پارێزەرێك‌و سەرپەرشتیارو بەرێوەبەری راگەیاندنی "چاك"دابوو.! بەئارمی چاکەوە بەم لەفزە دەدوێن!! کەچی کەسێك نەبوو لەدەستەی بەرێوەبەرودەستەی چاودێر بلێت : برا ئەوە ئێوە چۆن قسەدەکەن‌و ئێمە بەچی دەزانن..؟؟!! لەناو ئەو بەرێزانەشی لە ناوەراستدا ماونەتەوە هەربێدەنگیان هەلبژارد، ئەوەی هەبوو هەردڵدانەوەی من بوو، هەمووی هەرپیشخواردنەوەو دادوبێدابوو لە رەفتاری دزێوی ئەو چەند کەسە..

ئەمەش نیشانەی راستی بۆچوونەکانمە کەوا هەمیشە ووتوومە ناوەندی چاك نارێکخراوەوەوپێویستە قۆڵی لێ هەڵماڵین‌و بیکەینە رێکخراوو بەسیستەم کاربکات. بەهیوام ناوەندی چاك لەدوای ئەم روداوانەوە بەتاییەتی زۆرینەی دەستەی بەرێوەبەر کە خەریکی پرۆژەی چاکسازین تەجاوازی ئەو جۆرە مامەلانە بکات‌و بناغە بۆکاری رێکخراوەیی دابنێت‌و ئەو بەرێزانەشی ئێستا رۆیشتوون‌و ماڵی خۆیان ( مالپەری چاك.بی )یان پێکهێناوە بەخۆیاندا بچنەوەو خێر بۆئەم کۆمەڵگا جینۆسایدکراوە بدەنەوە. چونکە هەرچەندی توندوتیژانە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین هەرخۆمان زەرەر مەند دەبین‌و ئەوەی قازا نجی لێدەکات، هێزە کۆنە پەرست‌و تۆتالیتارەکانن. بەلام ئەفسوس..ئەوەدەنگانە هەمیشەو تائێستاش لەسەربێهێزی زمانی خۆیان سوربوون، وەکو بلێی سوێندیا نخواردووە، لەوزمانە زیاترئەلتەرناتیڤێکی ترنەبێت

هەڵبیبژێرن، بۆ دیالۆگ..بۆیە زۆر بەجدی داوا لەو بەرێزانە دەکەم کە لەناوەندی چاك ماونەتەوە، هەروەها داوا لەوبەرێزانەش دەکەم کەلە مابەینی ناوەندی چاكو چاك بیدا ماوەنەتەوە، درێژە بەم وەزعە نەدەن، بگەرێن بەدوای تەندروسترین رێگادا موهاتەراتو قسەی نابەجێ کارنەکاتە سەرپەیوەندیەکانیان، دلنیام ئەوانەی لەگەڵ چاك بیشدا رۆیشتوون ئینسانی زۆر بەرێزو چاکیان تێدایەو ئەمرۆبێت یان سبەی هەلوەستە لەو رەفتارە دزێوانە دەکەنو رێگەنادەن لە پەنای کەسایەتی ئەوانەوە سوکایەتی بەمرۆڤانی تر بکرێت.

لەنوسینێکیدا "سەرپەرشتیار" لەدژی ئیمە نوسیبووی: ( ئەوەی زۆر رەخنەدەگرێت کەمتر کاری لەدەست دێت ) وەکو بلێی رەخنەگرتن کارنەبێت؟ یان ئەگەر کاریش بێت لەلای بەرێزی کارێکی زۆر بێبەها بێت..! ئینجا نوسیبووی: ئیمە بەبەیاننامەیەك چاکمان دروستکرد بائەوانیش جورئەتبکەنو بۆ خۆیان رێکخراو دروست بکەن ) ئەمە بەئاشکرا دیارە ئەو برادەرانەی ئێستا جیابوونەتەوە چەندە قبولی حیواروجیاوازییان کردووە.. چەندە لە گرنگی رێکخراو تێگەیشتوون، بروابکەن رێکخراو دروستکردن زۆر زۆر لە هەلوەشاندنەوەی ئەستەمترە، ئاخر رێکخراو چۆن بەبەیاننامەیەك پێك دێت؟ بەداخەوە لەوەتای من ئەو بەرێزانە دەناسم ( خۆزگە هەرنەمناسیبان ) وەك هەستیان بەلێپرسینەوەی زاتی خۆیان نەکردووە، ئەو شعورەشیان لاوازە بتوانن لەبیروڕای جیاواز تێبگەن، چ جای رێزی لێبگرن، تکایە لەم چەند ووشانەی خوارەوە بڕوانەو دیقەت لەناوەرۆكو هونەری رۆژنامەنوسیەکەشی بدە بەتاییەتی ئەوانەی خەتیان بەژێردا هاتووە:( ئەگەر چی چاک فشارەکی زۆری هەمە جۆری دەسەلاتی کوردی لەسەرە لە ئابلۆقەدانی ئابوری و سیاسی و راگەیاندن و هەولدانیان بۆ کێشەنانەوەیان لەنێو چاک و کڕینی هەندێ دەنگی نێو یدا ،گەورەکردنی کێشەکانی ، زۆری کارەکانی ، تیۆری و رەخنە گرتنی بەردەوامی بەشێک لە ئەندامانی سەرپەرشتیاری لەزۆربەی کارەکاندا.)

وەکو بلێی لە زۆری کارەکانی ناوچاکدا ئێمە نوستبینو هەرئەوان کاریانکردبێت؟ وەکو بلێی ئەوەی چاکی گەورە کردووە، تەنها ئەو چەند بەرێزە بن کە لە پە نجەی دەستێك تێنا پەرن؟ وەکو بلێی ئەمەسوکایەتی کردن نەبێت بە ئەندامانی چاكو ئەم قسانە نەچنە خزمەتی ئەو دەسەلاتانەی ئەوان بەدژی گەشەکردنی ناوەندی چاکی ناودەبەن؟

بەبروای ئەم "کادیر"ە بالایەی ئەوسای ناوەندی چاكو ئێستای ( چاك.بی ) ئەوانەی رەخنە لە چاك دەگرن، دەسەلات کڕیوونی، بەلام ئەوانەی لەئاست ئەم نەفامیە بێدەنگن، ئەوانەی تەنها بەلێ دەکەنو ئەو بەرێزانەش کە بەبێ دەنگی دانیشتوون، لەوەش خرا پتر ئەوانەی وەکوجاسوس دەخزێنرانە ناو کۆمیتەو ئەندامەکانەوە ئەوانە خەڵکی باشنو دەسەلات نەیکریوون؟!! لەنامەیەکدا سەرپەرشتیار بەزمانی هەرەشە کردنەوە بۆمن نوسیویێتی: کاك عومەر هەموو قسەکانت پێم دەگاتەوە ) !! ( جابۆنەگاتەوە؟ ئەی من بۆچی قسەدەکەم برا؟ ) یەکێك کار لەسەر دروستکردنی جاسوسو دەروێش بکات، بێگومان زەخیرە بۆ دەسەلات بەرهەمدێنی، چونکە دواجار هەردەسەلاتی تۆتالیتاریانەیە پێویستی بەجاسوسە، نەك رێکخراوێکی مەدەنی، ئاخر ناوەندی چاك جاسوسو خە تمایلی بۆچییە؟ رەخنەگرتنی بەردەوام لەناو ناوەندی چاکدا ببووە گرفتێکی گەورەو دەبێت ئەوانەی رەخنە دەگرن وێنەی دوژمنیان بدەینێ؟! نەیارانی چاکسازی بەکردەوەش هەروایانکرد وەکو دوژمن مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە کردوو تۆمەتی نامەردانەیان خستە پالمان، من بەشبەحالی خۆم بیروڕام وایە تۆمەت خستنە پال خەڵك، جنێودان، هەمیشە لەوکەسانە وەشاوەتەوە کەبێدەسەلاتنو لەئاستێکی رۆشنبیری سنورداردانو بەکۆمەڵێك نەخۆشی دەرونییەوە ئالودەن. ئەوانەی تۆمەت بۆخەڵك دروست دەکەنو ئامادەنین بیسەلمێنن هەمیشە لەوتۆمەتانە دەخەنە پال خەڵك کەخۆیان ئالودەی بوونو پێوەی دەتلێنەوە. هەروەکو "عەلی حسن مەجید تۆمەتی ئەوە دەداتە پال کورد کەدلرەقو نەفامو پیاوکوژنو لەیەکێك لەکاسێتەکانیدا دەلێت: ( وازیان لێبێنن ئەو پیاکوژانە هیچ فێرنابن بۆچی باشن من بە شۆفل لەگۆریان دەنیم )"( [2] ) کەچی لەحەقیقەتدا ئەوە رەنگدانەوەی رەفتاری خۆی بوو، خۆی بوو لەکوشتن بەولاوە هیچ فێرنەدەبوو. بەلام ئایا ئەمە تاچەند بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە دەچێتە سەر؟ تاکەی لەسایەی تۆمەتدروستکردندا بەراحەت دەخەون؟ دلنیام ئەوەی بەلایەوە ئاسایی بێت تۆمەتی پیاوی دەسەلات بخاتە پال خەڵك چاوەروان کراوە بە ئاسانی خۆی ببێتە پیاوی دەسەلات. چونکە دواجار ئەم رەفتارانە هەر خزمەت بە دەسەلاتە تۆتالیتارەکان دەکەنەوەو خاوەنەکانیشیان زەخیرەی ئەو دەسەلاتەن. دژایەتی ئەوانە بۆئەوەنیە کە دەسەلات دژی برژەوەندیەکانی خەڵکە یان کەمتەرخەمە بەلکو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە خویان هێشتا نەبوونەتەمایەی متمانەی دەسەلات؟ رەخنەگرو شۆرشگێری موزەیەفی زۆریشمان دیت لەدوای هاشوهوشێکی زۆر روپۆشەکانیان لەدەموو چاوەکانی خۆیان لادا..

[2] شریتەکانی عەلی حسن مەجید کۆبوونەوە لەگەڵ ئەفسەران بۆ پیداچوونەوەی پەلامارەکانی ئەنفال. ماڵپەری سبەی

کەچی دوای ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەر دەستکێشانەوەکەی قبوڵنەکردین و لەدوای بڕیارەکەی ئێمەوە خۆیان سازدا بۆچاکسازی و ئێمەش بڕیارەکەمان هەڵپەسارد، کاک سالارسۆفی وەکو مژدەیەکی خۆش هەواڵی دەستبەکاربوونەوەی ئێمەی دابووە دەستەی بەڕێوەبەر، ئەو بەڕێزانەی ئەوسا دەیانگوت دەسەڵات لێیان قبوڵ ناکات لەناو چاکدا بمێننەوە ئێستا کێچ کەوتە کەوڵیان، بەهەواڵی چالاکبوونەوەمان. لەبری ئەوەی پێیان خۆش بێت؟ بەلای کەمەوە لەبری ئەوەی بێدەنگ دانیشن، بێگوێدانە ئەوەی کە خۆیان بەدرۆ دەخەنەوە کەوتنە تۆمەتێکی قورستر لەسەرئێمە ( گوایە جاشەکان و پارتی ویەکێتی پاداشتیان داوەتە ئێمە بێینەوە ناوەندی چاك تێکبدەین؟! ) ئەوەندە شپرزە ببون لەتۆمەتنامەکەیاندا کورد ووتەنی تفی سەرەو ژوریان هەڵدابوو بۆیە بەسەر خۆیاندا هاتبووەوە ( نوسیویانە وەك بڵێی ناوەندی چاك مزگەوت و هینخانەیە ) سوکایەتی بەمزگەوت و ناوەندی چاك و ئەندامەکانیشی کردبوو.. ئەمە هەر ئەو بەڕێزانە! پێشتر نوسیبویان لەبەرئەوەی چاك گەورەبووەو یەکێتی و پارتی هیچیکە لێیان قبوڵناکات ئەندامی چاکبن و لەناویدا بمێننەوە!! باشە یەکێتی یان پارتی کامیان؟ ئێمەی بەکرێ گرتووە؟ چۆن بەکرێی گرتووین؟ باشەوا گریمانەی ئەوەمانکرد ئێمە ئینتمامان بۆ یەکێتی و پارتی هەیە؟ بۆ مەگەر یەکێتی و پارتی و حزبەکانی تر بە حزبە ئیسلامیەکانیشەوە ئەندامی ئاشکرایان نیە لەناو چاکدا؟ مەگەر ئەو ئەندامانەی پۆستیان هەیە لەناوچاك و حزبەکاندا، نەك خۆیان تەنانەت حزبەکانیشیان هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی نین؟ مەگەر بەشدارنین لەحکومەتدا؟ ئەی بۆچی بۆئەوان ڕەوایە بەڵام بۆ ئێمەی نەیەکێتی و نە پارتی حەرامە؟!! باشە تەنها ئێمە ئیستقالەمانکردبوو لەناوچاکدا مەگەر کەمن ئەو ئەندامانەی ئیستقالەیان کردووەو گەڕاونەتەوە بەسەرپەرشتیاریشەوە؟!! باواز لەوە بێنین ئێمە پارتین یان یەکێتی کەس دەتوانێ چالاکی من ڕەتبکاتەوە لەسەر دۆسیێ جینۆساید؟ ئایا ئەندامەکانی پارتی و یەکێتی کەلەسەر هەمان پرس کاردەکەن وەکو من وبەهەمان تیروانینی من کاردەکەن؟ ئەی ئەگەر دوژمنی پارتی و یەکێتین چەندجار بەجدی داواتان لەئەندامەکانیان ئەوانەی لەسەر ئەنفال کاردەکەن، داواتان لێکردوون بێن ببنە ئەندامی چاك و ئەوان پێتان ڕازی نەبوون؟ جا با بۆ هەموو لایەك دوا قسەی حسێبی خۆم لەم بارەیەوە بکەم( بۆمنێك نەك لەسەرئەوەی باوکم لەشەری ناوخۆدا بووەتە قوربانی، سیاسەتی شەڕانگێزانەی ئەودوحزبە، نەك لەبەرئەوەی چەندینجارماڵم سووتاوەو وێرانبووە، نەك لەبەرئەوەی هەرلەمنداڵییەوە بەژیانێکی زۆر ئەستەم و گراندا تێپەڕیووم و هۆکارەکەشی لەچاوی ئەوان دەناسم، تەنیا لەبەرئەوەی یەکێتی و پارتی ئامادەنین لەموچەی بەرزی بەرپرسە بەرزەکانیان کەمبکەنەوەو بیخەنە سەرموچەی نزمی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران، لەوەش خراپتر ئامادەنین تەنانەت ئاوی پاك بنێرن بۆماڵان ئامادەنین کارەبایەکی باش بدەن بەخەڵك، ئامادەنیم نەك خۆمیان پێبفرۆشم و ناوەندی چاکیان بۆتێکبدەم، بەڵکو ئامادەنیم 1 سەعات ئەندامێکیان بم. بۆیە ناچارم بڵێم تکایە ئەگەر هەولەکەتان بۆئەوەیە ببمە ئەندامیان و گەرکتانە لەوێوە گوێمان ڕاکێشن خۆتان ماندوومەکەن. ئیتر نازانم دوای ئەمە بەخۆتاندا دەچنەوە یان لەسەرجنێوەکانتان بەردەوام دەبن، ئەوە پەیوەندی بەئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی خۆتانەوە هەیە. ئیدی ئەو دەستەیەی ڕونکردنەوە دەدات بەناوی دەستەی چاو دێرەوە، نازانم چاودێری چی دەکەن و کامە دەچێتە خانەی پێشێلکاری بەمافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤەوە؟!

## بیروڕای من لەسەر مامەڵەی ناوەندی چاك لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانیدا :

هەمیشە تێبینیم لەسەر ڕاگەیاندنی ناوەندی چاك هەبووە ڕەخنەم لێگرتووە، هەم لەزمانی دەربڕینی و نزمی ئاستی بەیانەکان و زۆری و بۆری، چونکە ڕا پۆرتی سالانە یان مانگانەم، کردبووە ئەلتەرناتیڤ و لەگەڵ بەیاننامەی ڕۆژانە نەبووم، لەگەڵ ئەوەدابووم ڕا پۆرتی تیروتەسەل وهەڵسەنگاندن و ڕۆڵی کاریگەرمان هەبێت وەکو ئەو ڕا پۆرتانەی ڕێکخراوە تایبە تمەندەکان دەیکەن، نەك بەیاننامەی کرچ وکاڵ و بێکاریگەر. باشە بەم خواستەم ناوەندی چاك تێکدەدەم ؟ یان مەبەستم چاککردنێتی؟ ئایا بەکرێگیراو داوای ئەوەی لێدەکرێت ڕاگەیاندنی کاریگەر بخولقێنێ؟ مەگەر ڕاگەیاندنی کاریگەر یەکێتی و پارتی و حزبە کوردستانیەکانی تریش لەهەرکوێیەك هەن لەخەمساردی بێدارناکاتەوە؟ هەمیشە ووتوومە بەیان دەرکردن مەسئولییەتەو قسە فرێدان نیە، لەسەرئەم بیروڕایانەشم هەر بەدژایەتی نەوەستایەوە بگرە کارگەیشتە ئەو ڕادەیەی ئینجا بۆ ئیستفزازکردنم پرسەنامەش وەکو بەیان دەردەکراو لەسایتەکان بلاودەکرایەوە، ئەگەرچی زۆر ئەندامی تر لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدەنگ هاتن کەچی نەك هەرچار نەکرا بەڵکو دواتردەستخۆشی لە پلەوپایەو نامەی ماستەرو خوێندکارانیش بلاودەکرایەوە.. ئایا ئەمانە وەزیفەی ڕێکخراوێکن کەلەسەرجینۆساید کاردەکات؟ ئەمە جگەلەوەی هەندێك بەیاننامە بێسنور بێتام و بەزمانی زبر دەنوسران، لەکاتێکدا بۆیەکێك شارەزای کاری ڕێکخراوی ناحکومی بێت، نابێت، هیچ کەسێك، هیچ حزب و دەوڵەتێك بەدوژمن بزانێت! ڕێکخراوی ناحکومی نابێت لەهیچ کوێیەکی ئەم دنیایە قاچاغ بێت، نابێت دەرگاکان بەڕووی خۆیدا دا بخات، بەڵکو دەبێت، هەوڵبدا دەرگاکانی بەڕوودا کراوەبن.. مەگەر لەسەدەمی بەعس یوست هێڵتەرمان لەعێراق نەبوو؟ گەورەترین کاریگەری نەبوو لەسەرجینۆسایدکردنی کورد؟

هەردوو دادگای هۆڵنداو بەغدا زۆرترین کەڵکیان لەکارەکانی هیلتەرمان و ئەندرۆواتلی وەرنەگرت؟ دابزانم ئەو دوو دادگایە کـام بەیاننامـەی ناوەندی چاکیان لە فایلەکانی خۆیاندا هەلگرتووە؟ بۆ هێز هەبوو لەبەعس تۆتـالیتارتر؟ ئەی چۆن هیلتـەرمان و ئەمنستـی ئەنتەرناشـناڵ و کادرە پرۆفیشناڵەکانی دەیانتوانی کاربکەن لەسەر را پۆرتەکانیان خۆناشێت بڵـێین ئـەوانیش خـە تمایلی بـەعس بـوون؟! کەچـی بەداخـەوە لەناوەندی چاکدا باس لەئەندامی نهێنی دەکـرێ و هەربەئەنقەسـت چـاکەتێکی تەسـك و تروسـکی حزبیانـەی بـەبالادا دەبـڕێ و خەسـڵەتە ڕێکخراوەییەکانی دەکوژن و دەیانەوێت وەکو حزبێکی سیاسی مامەڵەی پێبکەن و بیکەنە شوێنی مزایەداتی سیاسی چەند کەسێکی نەشارەزا..

هەروەکو بەرپرسی راگەیاندن تەلەفۆنی بۆبەریوەبەرێك لەوەزارەتێکی حکومەتی هەرێم کردبوو ووتبووی : باداخەوە کاك فلان ئێمە تۆمان بـە خە تمایلی ناوەندی چاك دەزانی لەناو وەزارەتەکەی خۆتان!! جا وەرە کەسێك بوێرێ لەناو دائیرەیەکی حکومی هاوکاری ناوەندی چاك بکات؟ من نازانم ئەمە لە هۆشدارییەوە کراوەیان گێلێتی، بەڵام ئەوەندە دەزانم کەوا حکومەتی هەرکوێیەکی ئـەم دنیایـە ئەوپـەری دیموکراسـیش بێت، لەسۆنگەی ئەو قسەیەوە دەتوانێ بەیاسای ڕێکخراوەکان چالاکیت یاساغ بکات، چونکە تۆ بەشێوازی خە تمایل کاردەکەیت و سیفەتی کاری مەخفی پیادەدەکەیت..!! ئەمە جگەلەوەی ڕێکخراوی ناحکومی بەخەسڵەتی لەو شێوەیە نامۆیەو بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز پێی قایل نابم.

دواجار داوادەکەم تەحمولی ئەو پەرەگرافەش بکە کەوەکو خۆرکە لێی دابێت و هەندێك لەرستەو ووشەکانی بابردبنی، نوسـیوێتی : دەبێـت ئەوە بگوترێت چاك بەهۆی ئەوەی رێکخراوەکی خۆبەخشـەو خـاوەنـی هـەمـە رەنگـی بـیـرو بۆچـونی جیایە ، وە ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شانە ، کە لە زۆر کاتدا لەخاڵی سفر دەست پێ کردوەو دەیکات، دژایەتی بەئاشکراو کەم کورتی و گەندە لّی و تاوانەکانی دەسـەلات دەکـات، بۆیـە هـەمـوو کەس ناتوانێت بەردەوام بێت لەناویدا و وابەسانایش پارتي و یەکێتی بواری نادەن ، ئاوا گەشە بکـات ،چونکە ئەوان ئەگەر بەخۆیان شتەکیان پێ نەکرێت هەوڵی تێکدانی دەدەن ئەگەر چەندە لە خزمەت دۆزی کوردیش دابێت.

ئەو قسانەی سەرەوە شەرمە بۆ ڕێکخراوێك کەلەدژی جینۆسایدکردن تێبکۆشێ و بەرپرسی راگەیاندنەکەی هەرئەوەندە توانای نوسـین و هێـزی زمانی رەخنەو قسەکردنی هەبێت، باشە من دەپرسم ڕێکخراوی چاك بەو زمانە گەشە دەکات یـان بـە سـتانداردێکی ڕێکخراوەیـی کەهـەڵگری نەفەسی دیموکراسی و هێزی زمان و پراکتیکی کاری ڕێکخراوەیی بێت؟ باشە چاك بەوە گەشە دەکات کە هیچ پرەنسیپێك نەبێت بۆ ئەندامەکانی چ جای ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرەکەشی و بەرپرسی راگەیاندنەکەی تا ئاوا بەئاسانی تۆمەتبخاتە پـاڵ ئەوکەسـانەی رەخنـەی لێـدەگرن و بەتەنکە تێفکرینێکەوە وابێتە پێش چاوی ئەوانەی دەستبەرداری چاك دەبن یەکێتی و پارتی رێگەی کاکردنی پێنادەن؟ تۆبڵێی کەللـەرەق بم و ئەوجۆرە کەسانە لەتوانایاندا بێت ڕێکخراوێك گەشە پێبدەن و من رێگربم؟ بێگومـان پێچـەوانەکەی دەبیـنم و لەدژیشـی دەوەسـتمەوە، ئەمـە لەکاتێکدا لە سەرەوە نوسیوێتی "یەکێتی و پارتی هەندەك دەنگی کریووە". هەتا ئەگەر ئەمە گومانیش بێت، مافی ئەوەی نیە کـەوا بیکاتـە تۆمەت کێ ئەو هەقە بەمن دەدات بەکەیفی خۆم سوکایەتی بەئەندامانی پارتی و یەکێتی بکەم؟! ڕێکخراوێك کەی مافی ئەوەی هەیـە تۆمـەت بۆحزب دروستبکات؟ ئەگەر گومانێکیشی هەبێت دەبێت بە رێ و شوێنی ڕێکخراوەیی چاودێری ئەندامەکانی بکات و ڕێگەنەدات کاری حزبی بهێننە ناو ڕێکخراوەکەوە، نەك سوکایەتیان پێبکات!! من دلنیام یەکێتی و پارتی بۆیان بلوێ دەست دەخەنـە نـاو خێزانەکانیشـەوە بـەڵام کاتێـك گومانم لا دروست دەبێت ئەم وەزعەی ناوناوەندی چاك دەستی ئەو دووحزبەی تێدایە، دەبێت هەولبدەم بگەم راستی ناشێت لەخۆمەوە قسە فرێ بدەم، باشە ئەوا لەسۆنگەی کاری هەلەشەوپەلەشەی ئەو بەرێزەوە سبەی ئەودوو حزبە ئەنـدامێکی چـاکیان راکێشـایە بـەردەمی دادگـا ئـەو دەتوانێ تۆمەتەکەی ساغ بکاتەوە؟! دەتوانی بیسەلمێنێ کە پـارتی و یـەکێتی هـەولی تێکـدانی دەدەن؟ لەراسـتیدا مـن خـۆم گومـانم هەیـە لەوبەرێزانە، بەڵام هەرگومانە بۆیە لەگومان زیاتر ڕێگە بەخۆم نادەم شتێکی تر زیاتر بلێم گومانەکەشم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کەوا ئێمـە دەمانەوێت ئەو وەزعە چاك بکەین کەمینەیەکی زۆرکەم بەچنگ و نینۆك تێدەکۆشن ڕێگری لەچاکسازی بکەن، هەرگیز کێشـەکان لەناوناوەنـدی چاك ئەوەندە درێژەیان نەکێشاوە؟ چاك پارەی نیەو تەلەفۆنکردن تەنها لە پێناوی قانع کردنی کەسێکدا دژی ئێمە بووەستێتەوە فرکـەی دێـت وەکو ئەوەی تەلەفۆنەکانی بەرێزیان فری Freyبێـت، پرتـی و یـەکێتی ئیسـتا خۆیـان وازیـان لەتۆمـەت هێنـاوە ئـەوان نایانـەوێت ئـەو کەلچەرەجوانەی ئەوان بچێتە زبلخانەی مێژووەوە لەدژی ئەندامانی چاکسازی خستوویانەتەوە گەر، بـەڵام وەکـو ووتم ئەمـە تـەنها گومانـە گومانیش دەشێت راست دەرچێ و دەشێت هەڵە؟ بۆیە وەکو من ئەومافە بەخۆم نادەم تۆمـەت بخەمـە پـاڵ نەیارەکـەم نەیارەکەشـم مـافی ئـەو ناماقولیانەی نیە.. کەس مافی ئەوەی نیە لەناوەندی چاك بێت یان هەر ڕێکخراوێك سـوکایەتی بـەهیچ حـزب و دەسـەڵاتێك و ئەندامـەکانی بکات؟ ئەوە وەزیفەی هیچ ڕێکخراوێك نیە لەسەرئینتمای سیاسی یان حزبی لەخەڵك بپرسێتەوە؟ تەنانـەت مـافی ئەوەشـی نیـە کـەوا ڕێگـە

لەئەندام بوونیشیان بگرێت لە رێکخراوەکەدا، تەنها مافێك کەهەیەتی ئەوەیە لەئەندامە حزبیەکانی قبولْ نەات کاری حزبیو روئیای حزبیو پلانی حزبی خۆیان بهێننە ناو رێکخراوەکەوە، ئەوەی مافی ئەوە رەخنەلێگرتنو چاودێری کارەکانێتی بە ئسولی رێکخراوەییو دەشێت لەدژی خروقاتەکانیان را پۆت بداتە پەرلەمانو لایەنە پەیوەندیدارە نیودەولەتیەکان.

ئێستا باپپرسین: ناوەندی چاك بۆ دەبێت دژی یەکێتیو پارتی بێت؟ لەراستیدا نابێت دژی هیچ لایەنێکی سیاسیو ئاینی بێت، هەروەکو نابێت پاشکۆشیان بێت.. من ئیستقالەمداوەو داواشم کردووە ئەگەربەسیستەم کاربکات ئامادەم باری قورستر هەلبگرم، ئیدی یەکێتیو پارتی ئەگەر بیانەوێت بمکرن بۆچی بۆئەوە دەمکڕن کەئەو ناوەندە رێکبخەمەوەو داوای چاکبوونی بکەم؟ ئەمە بەعەقلی کێدا دەچێت ئەوکەسانە نەبێت لەکاری رێکخراوەیی تەقەی سەریاندێت، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە چونکە ئەو ئەگەر منی کرپیێ بۆ تێکدانی دەمکرێ بۆئەوەی بەشێوەیەکی ناشیانەکاری پێبکەم، بۆئەوەی نەبێتە ئەو رێکخراوەی کاریگەری زیاتری هەبێت. ئەمە راستی قسەکەی من دەسەلمێنێ کەدەڵێم ناوەندی چاك نارێکخراوو فەوزایە، دەنا ئەندامەکانی چۆن دەتوانن تۆمەت بخەنە پالْ یەکتریو جنێوی نامرۆڤانە بەیەکدی بدەنو کەسیش نەلێت بۆچی بەو ئاستە نزمە ململانێ دەکەیت. ئەو برادەرانەی لەدژی چاکسازی وەستانەوەو تەنانەت ئەوانەشی لە نێوەندا مانەوە ئەرکیان بوو لیژنەیەك بۆ ئەو تۆمەتانە دروستبکەن، بۆئەوەی بەڵگەکان بخەنە بەردەست لەسەرئەو کەسانەی پارتیو یەکێتی کرپیونی. ئەرکی دەستەی چاودێر بوو چاو لەم زولمە نەنوقێنێ بەلام ئاشکرایە ئەوان چاودێری چی دەکەنو چاو لەچی دەپۆشن!! ئەوان ئامادەن چاودێری هەولەکانی چاکسازی بکەنو دژایەتی بکەن، کەچی لەدەیان تۆمەتو جنێوو رەفتاری نامرۆڤانە چاوی خۆیان نوقاند..!! دەنا ئەگەر بێلایەن بوونایە دەبوایە قسەیەکی خێریشیان بۆ "چاك خۆرەکان"[3]

ئەو قسە خوارو خێچو گیلانەیە، شەرمەزارم دەکەن ئەویش لەبەر ئەوەنا کەبەمن گوتراون بەڵکو لەبەرئەوەی خەڵکانێك گلەیی ئەوم لێدەکەن کەچۆن کێشەم لەگەلْ خەڵکی ئاوا بێمستەوادا هەیە. ئەگەرچی ئەو قسانە بەرلەوەی سوکایەتی بن بەمن سوکایەتین بەخاوەنەکانیان" هەربۆیە ناوی خۆیان دەشارنەوە" سوکایەتین بەجیاوازی تیفکرین، سوکایەتین، بە ئەندامانی ناوەندەکە (بەتایبەتی ئەوانەی ماندوونو بەخۆبەخشکاردەکەن) سوکایەتی بەمرۆڤبوونو ئەوقوربانیانەشی تەنها لەبەرکوردبوونیان جینۆسایدکراونو ئەمانە خۆیان بەدەم سپییان دەزاننو لەسەرئیسكو پروسکی ئەوان سوکایەتی بەکەسەچالاکەکانی ئەوبوارەدەکەن. تەنانەت سوکایەتی بەو هەموو قوربانیەی ناوساڵنامەی ئەنفالستانیش دەکەن تەنها لەبەرئەوەی من چاپ وبلاوی دەکەمەوە. ئەگەرچی من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو بروایەی ئەوانەی تۆمەت بۆخەڵك دروست دەکەنو بەئاسانی کەسێکی نەیاری خۆیان تۆمەتباردەکەن، ئەوانەن کەوا ئاسان خۆبەدەستەوە دەدەنو چاوەروانی جاسوسیو بەدرەفتاریشیان لێدەکەم. چونکە تۆمەتدروستکردن رەفتارێکی لەرادە بەدەر دزێوترسناکە، هەربۆیەشە هەمیشە ئیشی ئەو کەسانەبووە کەملکەچ بوون، ئایا بینیووتانە کەسێکی مەرد یان رۆشنبیرێکی بەشەهامەت تۆمەت بۆنەیارەکەی دروستبکات؟ ئاخرئەگەر کەسێك ملکەچی رۆحلەبەرە دڵرەقەکەی ناوناخی خۆی بوو.. بەلاشیەوە ئاسانە مل کەچی هەموو دەسەلاتێکی تۆتالیتارو هەموو رەفتارێکی دزێوتریش بێت. دواجار دەمەوێت بپرسم ناوەندێکی وەکو چاك چ کارێکی بەخەڵکی حەماسیو کۆنەسیاسیو خراپەکارو نەشارەزاهەیە؟ رەنگە ئەم قسەیەم بەتوندرەوی لێکبدرێتەوە، مەگەر تۆمەتدروستکردنو تەشقەڵەکردن بەخەڵك خراپەکاری نیە؟ جنێودان لەبری دیالۆگ نەشارەزایی نیە؟ هوتاف کێشانو دروشمبازی پیشەی خەڵکی حەماسی نیە؟

هەربۆیەشە بینیمان سەرپەرشتیارو دەستەکەی وردە وردەو بەخشکەیی لەچاکسازیو واقیعی ناوەندی چاكو ئامانجە راستەقینەکەی دوور دەکەونەوەو ئامادەنین رەیز لەداوای ئەندامەکانی ناوەندبگرن، چ ئەوانەی لەنێوەندا بێدەنگ ماونەتەوەو چ ئەوانەی رەخنەگرن) بەڵکو بەردەوام دەبن لەسەرچەواشەکاریەکانیانو ئامادەی بەخۆدا چوونەوەیان تێدانیە، ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازەو بەلای کەمەوە لێبوردەنینو لەگرنگیو زمانی لێبوردنیش تێناگەن، پێموانیە چیتر ناوەندی چاکیش بتوانێت لەرووی رێکخراوەییو کولتوری هاوچەرخەوە بەم لۆژیکە رازی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ململانێکە دەبێتە ئەمری واقعو بەهەرنرخێك بووە پێویستە خۆی بونیات بنێتەوەو هەرلەسەر ریسەکەی خۆی بەردەوام نەبی. سازش لەگەلْ ئەو جۆرەکەسانەدا پاشەرۆژی چاك بەرەو هەڵدێر دەبا، چونکە وای تێگەیشتووم ئەستەم بێت هەندێك کەس هەرگیز ملکەچی کاری رێکخراوەی مەدەنی بێت، ئەو بەنەفەسونەغمەی حزبەوەکاردەکاتو کاری رێکخراوەیی بەهەند ناگرێت، ئەگەرنا دەشێت

---

[3] دەستەواژەی چاك خۆرەکان واتایەکە تەنها ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەرو دەستەی چاودێر تێی دەگەن. ئەو قسەیەی کە نەدەبوو دەستەی چاودێر لەکاتی خۆیدا لێی بێدەنگ بێت.

لەکۆنگرەیەکدا یان لەکۆبوونەوەیەکی گشتیدا بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان ناوەندەکە هەلیوەشێنێتەوە.. کەمن خوازیاری ئەوەیان نیم، ئەگەرچی هیچ شتێکیش لەلای من موقەدەس نیە، هیچ بەهایەك لەبەهای مرۆڤ بەگەورەتر نازانم، شەرکردن لەسەرناوی "چاك" کارێکە بنەمایەکی نالۆژیکی هەیە، چونکە ئەوە مرۆڤەکانن "ناوەندی چاك"یان دروستکردووە نەك چاك مرۆڤە کانی دروستکردبێت، هەرمرۆڤەکان خۆشیان دەتوانن ئەوناوەندە خراپ بکەن دەنا ناوەندەکە ناتوانێ کەس خراپ بکات، دەبێت هەموو لایەك دان بەو راستیەشدا بنێین ناوەندی چاك وێرای هەرکارێکی گرنگیی کەمایەی شانازین بۆ گەلی کورد، لەکۆمەلێك کاری دزێویش بەدەرنیە، کەس نەزانێ زۆرینە لەناوەندەکە دەزانین کەمینەیەکی ئەندامانی خاوەنی رەفتاری زۆر دزێون کە هەندێکیان لەخەڵك شاردراوەنەتەوەو هەندێکیشیان لەسایتورۆژنامەکان زەق بەبەرچاوانەوەن و تازە قابیلی پینەوپەرۆکردن نین،(کەی پێویست بوو قسە لەو بەدرەفتاریانەش دەکەین ) ئەمەش تەواو مایەی شەرمەزارییە بۆ هەموو ئەندامەکانی.( بەخۆشمەوە ).

ناوەندی چاك هەرچەندی گرنگو بەبەهابێت، هێشتا لەکەرامەتی ئەندامەکانی بەبەهاترو گرنگتر نیە. ( جا چالاك بووبێت یان سستو کارنەکەر) ( بێهەلەو کەموکوری بووبێت یان سەرچاوەی کێشەکان ) بۆیە بەش بەحاڵی خۆم نەك لەسەرناوەندی چاك تەنانەت لەسەربەهای ژیانی خۆشم لەخۆمی قبوڵ ناکەم تۆمەتوقسەی کەرامەتشکێن بخەمە پاڵ هیچ ئینسانێك، بەداخەوە ناوەندی چاك لەم شورەیی و شەرمەزارییە مەعصوم نیە. بێگومان لەکێشەکەی عوسمان تازکدا لەماڵپەری دەنگەکاندا بیروڕای خۆم لەم لایەنەوە راگەیاندبوو. بۆیە چیتر درێژدادڕی بە پێویست نازانم.

**دوواووتەم بۆ هاورێکانم :**

دواووتەم بۆ ئەو کەسە زۆربەرێزانەیە کە خۆشم ویستن و ئەوانیش بەئێستاشەوە پروپاگەندەی ئەوەم بۆ دەکەن کەخۆشیان دەوم، بەتایبەتی ئەوانەی زۆرلەنزیکەوە دەمناسن و هاتوونەتەماڵم و کاتی خۆمم بۆ تەرخانکردوون و ئەوەندەی لەتوانامدا بووبێت رێزم گرتوون، جابەراست بووبێت یان بۆ موجامەلەو روپامایی دەستخۆشی کارەکانیان لێکردم و سەرسامییان دەبڕیوە، کەچی بەهەر هۆیەکەوە بووبێت لەبەرانبەر ئەو هەموو تۆمەت و سوکایەتی کردنەی پێمانکرا بەتایبەتی لەلایەن دۆست و برادەرەکانی ئەوانەوە دەمیان هەڵنە هێنایەوەو بێدەنگیان هەڵبژارد. ئەوەی بەخۆم دەگەرێتەوە ڤیروسیا هیوادارم بۆلەمەولا لەبەرانبەر تۆمەتبارکردن و جنێودان بەکەسی تر بێدەنگ نەبن و ئەوکەلچەرە دزێوەو ئەو جۆرە تۆمەت و زوڵانە ریسوا بکەن، چونکە هەر بێدەنگییە زەمینەی تۆتالیتار سازدەکاو دیکتاتۆرێت دەخولقێنێ. هەر ئەو لۆژیکە سەقەتەیە کە دەستمان پێبەکڵاوەکەی خۆمانەوە دەگرێ و دوجاریش توندرەوی با لەبێدەنگی تۆ ناپرسێ چونکە بایەو دێت کڵاو دەبات ئیدی سەری من وتۆوئەوی دی مەسەلەیەك نیە.